# دۆزی تاوانباری هۆڵەندی فرانس ڤان ئانرات و ڕاست کردنەوەو ڕوون کردنەوەیەک بۆ ڤینۆس فایەق و عەلی مەحمود؟

ئەمیرقادر/هۆڵەندا
hangau@gmail.com



ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) دوو بابەتی بەڕێز ڤینۆس فایەقی بەناوی سەرەتای دادگایی کردنەکەی فرانس ڤان ئانرات- لەژمارەی 38 لاپەڕە 11 و 39 لاپەڕە 12 دا بەدووبەش لاوکردۆتەوە،پێشتریش وەک ئاگاداربووم نزیک بەهەمان بابەتی بە دارشتنێکی تر لە کوردستان ڕاپۆرتداو لەماڵپەڕەکانیشدا بڵاو کردبۆوە. من لەم بارەیەوەو بەدەمی لەکاتی پرۆسەی پێداچوونەوەکەی ڤان ئانراتدا هەندێک لەو شتانەم بۆ ڕوونکردەوە کە بەداخەوە لەڕاپۆرتەکەیدا بە هەڵە یاداشتی کردبوو،ئەوەی لام سەیربوو دواتر هەمان بەباتی بەهەمان هەڵەوە بەشێوەیەکی بەربڵاو تربڵاوکردەۆتەوە.

من سەرنجەکانی خۆم لەسەر بەشێک لە بابەتەکەی ڤینۆس خان بەم شێوەیە ڕووندەکەمەوە،بەو سیفەتەی کە لەهەموو پرۆسەکەدا من بەرپرسی ئەودۆزەبووم و ئاگاداری زۆرینەی زۆربەی کارو ڕاستیەکانی ئەودۆزەهەم و هەمیشە بۆم گرنگ بووە ڕاستیەکان چۆنن لەزمانی هۆڵەندیەکانەوە و بە وەرگێڕانی دەقی بابەتەکانی دادگاو دۆکومێنتەکانی دادگاو،پارێزەری گشتی و یاداشت کردنی ڕاستیەکانی ناوهۆڵی دادگا کەخۆم هەم وەک وەرگێر هەندێک جارو هەم وەک بەرپرسی ئەودۆزە و هەم وەک کەناڵی پەیوەندی قوربانیەکان و پارێزەرو دادگا بەشداربووم لەزۆرێک لەکەناڵەکانی میدیایی هۆڵەندیدا لەم بارەیەوە گفتوگۆم کردووە و زانیاریم داوە.من هەمیشە گریانم بۆ دۆزی قوربانیەکان و ئەوتاوانە هاتووە ئەوەی زۆریش دڵتەنگی کردووم ئەوتاوانەگەورەیەو ئەم هەموو تاوانبارەو ئەدای کەسی کوردو ئەوانەبووە کە بڕیاربووە لەسەنگەری قوربانیەکاندابن،دەسەڵات و حیزب زۆریان کار بەمەنەبوو ئێمەدەمان زانی هاوکارمان نابن و ترسمان هەبوو کەوەک نزارخەزرەجی وەفیق سامەڕایی لایەنگرو ئەندامی ڕێکخراوەکانیان نەبن! ،خۆش بەختانە وادەرنەچوو،یەکیەتیەکان و کۆمیتەی بەنەلۆکس هاوکاری مادیان کرد ئەگەرچی لەئاستی ئەم کارە زۆرەدانەبوو،زۆر خەڵک لەپشتمان بوون و پشتیان بەرنەداین

لایەنەکانی تر خۆیان نەکرد بەخاوەنی مەسەلەکە و ڕێگریشیان نەکرد،ئەندام و دۆستەکانیشیان لەخۆپیشاندانەکان بەشداربوون،بەڵام ئەوەی بەمیدیاو ڕاگەیاندەنکان دەگەڕێتەوە هەمیشە باسیان لەوە کردووە کە چەند کەس ولایەنی خێرخوا و قوربانیەکان شکاتیان کردووە،ڕاپۆرتەکەی ڤینۆس خانیش بەهەمەن تۆن و ڕێچکە نووسراوە و دووبارەکردنەوەی هەمان شتە،لەهیچ کوێیەکدا ناوی ناوەندی چاک و هەڵسوڕاوانی چاک و کۆمیتەی بەدادگاگەیاندنی فرانس ڤان ئانارات و کۆمیتەی هەڵەبجە ناکات،کەدڵنیاشم و خۆشم ئاگادارام کە خۆی هەموو جار بەهۆی بانگەوازەکانی چاک و کۆمیتەی هەڵەبجەوە هاتووە.

من شتی زۆر سەیرم بینی لە دادگای فرانس ڤان ئانراتادا و کەوەک کورد هەستم بەشەرمەزاری کرد،ئێرانیەکان کەزۆربەربەستیان بۆ دروستکرابوو لانی کەم ئێمە 3 جار لەگەڵیاندا کردمانە کێشەو ڕێگری ئامادەبوونیان بووین بەڵام هەمیشە بە 2 تا 3 کەسی زمان زان و یاسایی هەموو کۆبوونەوەکان بەشداردەبوون لەسەرەتا هەتا کۆتایی هەموو شتەکانیان یاداشت دەکر،بەرپرسی کوردم بینی کەبەحساب هاتبوو بۆ دادگاکە تاگوێ بیستی باسەکان بێت تەنها 10 دەقە

مایەوەو ڕۆیشت! هاوڕی هۆڵەندیەکەم ووتی ئەمە چۆن ئەبێت؟! ،بە گاڵتەیەک کەپڕ لەشەرم بوو ووتم کورد زیرەکە هەر سەری شتەکە ببینێت،ئاخیرەکەشی تێدەگات!،نوێنەری سەفارەتی عێراقم بینی کەدەبوو لەناوهۆڵی دادگابێت و لای قوربانیەکان و ژووری پێشەوەبێت،لەهۆڵێک لەپشت ڤیدیۆوە و لەڕێگەی وەرگێرەوە گوێی لە شتەکان دەگرت!،ئەوانەم بۆیە باسکرد دەمەوێت لانی کەمی ڕێزلەو هەولانەی ڤینۆس بگرم کەلانی کەمی زەحمەتی ئەوەی کێشاوە لانی کەم لەکاتی پێداچوونەوەی دۆزەکەدا لەهۆلی دادگابوو چەند کاتژمێری کاتی خۆی بۆ تێگەیشتن لەم بابەتە تەرخان کرووە.

بەلاّم بەداخەوە کەوتۆتە هەڵەی گەورەوە کەمن لام وایە بەشێکی کێشەی زمانەکەی بێت و بەشێکیشی خۆماندوونەکردن و بەدوادانەچوون و بەکەم گرتنی ڕاپۆرتدان و ئامادەکردنی ڕاپۆرت بێت،شتێک کەمن لەرۆژنامە نووسە هۆڵەندیەکان بینیم و فێربووم پاککردنەوەو لەبێژنگ دانی زانیاریەکان بوو،زنیاری دوور لەهەستی خۆت و تێکەڵ کردنی کۆمێنتارەکانی خۆت لەگەڵ بەڵگەو ڕاستیەکاندا،رۆژنامەنووسانی وەک ئارنۆڵد و فرانک سلایپەر کەلەم بوورەدا کاردەکەن،بۆ هەر ڕاستیەک لەهەموولا پرسیاردەکان!

من ناچمە سەر دێڕ بەدێری نووسیننەکی ڤینۆس،کەئەوە کاری زۆری دەوێت و بەلاّم چەند ئامازەی بچووک بە شتەکان لام گرنگە،

1- دەست پێکی بابەتەکەی یان تایتڵی باسەکەی ( سەرەتای دادگایی کردنەکەی فرانس ڤان ئانرات )،من کەباسەکەم خۆێندەوە بۆم دەرکەوت کە ڤینۆس باسی بەشی پێداچوونەوە دەکات ،سەرەتای کار بۆدادگایی فرانس ڤان ئانرات و بڕیاری دادگاو مەسەلەی سزای 15 ساڵ و قەرەبووی زیانەکان و زۆر شتی تر باس ناکرێت،ئەوەی باسی لێدەکرێت مەسەلەی سزای 17 ساڵ و ئەو دووبەرپرسەی یەکێتی و پارتیە کەتەلەفۆننیان لەوەزارەتی دادو پارێزەری گشتی هەڵنەدەگرت و تایبەت بوو بەلێکۆڵینەوە لەگەڵ بەرپرسێکی پایەبەرزی چەکە کیمیاویەکانی عێراق و بەناوی دکتۆر عەلا کەلەمۆسڵ بوو،من خۆشم لەسەرداخوازی وەزارەت و لەگەڵ پرۆفیسۆر زێخفێلد کەپارێزەری قوربانیەکانە هەوڵمان دا و هەرلەکاتی خۆشیدا بەرپرسی ئەولایەنانە لەمە ئاگادار کرانەوە.

2-زانیاری و داتای هەڵە لەباسەکەدا،ڤینۆس خان لەکاتی دادگای لێکۆڵینەوەدا باسی لەدوو شتکردبوو ،گوایە کوردەکانی ئێران لەبەر ڕژێمی ئێران لەهۆڵی دادگادا ناوێرن بەکوردی قسەبکەن لەبەر بەرپرسانی ڕژێمی ئێران!، خۆم قوربانیەکانی سەردەشتم پیشانداو لەبەرچاوی خۆیدا ئەو پرسیارەم لێکردن،خۆیان پێچەوانەی ئەوشتەیان ووت،کێشەکەیان ئەوەبوو کە وەرگێرە کوردەکان کاک شەوکەت و کا ک حەسەن حسێن بە سۆرانیەکی خراپ قسەیان دەکردو زۆر ووشەی عەرەبیان بەکار دەبرد کە ئەوان لێی تێنەدەگەیشتن! هەرلەهەمان ڕاپۆرتدا باسی ئەوەی کردبوو کە عەلی مەحموود نابرێتە ناوهۆڵی دادگاو بەلاّم لەدەرەوەی داگاوەش زۆر کاری گرنگ دەکات،خراپیەکەی ئەوەبوو هەمان رۆژ کەگفتوگۆکەی تێدا ئەنجام داوە من بەشایەدی لانی کەم 4 کەس کاک عەلی کە هیچ شوناسێکی پێنەبوو بردمە ژوورەوە،ڤینۆس خان لەخۆی نەپرسیبوو کە ئەگەر کەسێکی وەک کاک عەلی ئەوەندە دەوری بوبێت و بەقسەی خۆشی زمانیش نازانێت بەلاّم چۆن دەبێت لەدەرەوەبێت و بۆوەک ڤینۆس خان خۆی ناچێتە ژوورەوە!؟

3- تێ نەگەیشتن و یاداشتکردن بەوردی زۆر بەشی بابەتەکەی ڤینۆس خانی خراپکردووە،بۆنموونە من ئاگادارم کە ڤینۆس خان زیاد لەنیو رۆژی تەواو گوێی لە لیکۆڵینەوەی (کێیس ۆڵتەر بێیک )* و ئەو ڕاپۆرتەبوو کەباسی دەکات کە لانی کەمی 300 جار ناوی ئەم لێکۆڵەرەوەو ئەم ڕاپۆرتە هاتووە کەچی ڤینۆس خان زۆر هەڵەی سەیری کردووە بە جۆرێک کەئەگەر بتەوێت بابەتەکەی ڤینۆس خان بکەیتەوە هۆڵەندی و بیدەیتە دەست هەر ئەوانەی کە باسیان دەکرێت خۆیان ناناسنەوە بۆ نموونە لە یەکەم پەرەگرافی بەشی دوودائەم هەلاّنە کراون:

دەکات، ئەو راپۆرتە کە والتەر
دایک نووسیویەتی، ناوی: Find
Fine Commission Rapport
بوو، واتا: (راپۆرتی کۆمیسیۆنی
وردەکارییە دۆزراوەکان). ئەم
راپۆرتە بەشێکی زۆری کراوە
نەبووە.. ئەمریکا وێنەیەکی لەو

(0)

( ئەو ڕاپۆرتەی **کە واڵتەر دایک** نووسیویەتی )

Full Final and compleet Discosure کەمەبەستی (**کێیس ۆڵتەر بێیک** )* ەو ڕاپۆرتەکەش بەم ناوەوەیە.

4- لەبەشێکی تردا باسی سەردانی دێلەگاسی پۆلیس و وەازارەتی داد دەکات بۆکوردستان،کەڕاستیەکەی ئەوەیە هیچ دەلەگاسیەک بۆ ئەم کارە سەردانی کوردستانیان نەکردووە ،ئەگەر مەبەستی کوردستان عێراقبێت و زۆریشمان هەوڵ دا،دەلیلەبنەڕەتێەکەش ئەوەبوو،کەئەوکات وەزارەتی دەرەوەی هۆڵەندا عێراقی بە نائامن دادەنا و لەولای تریشەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵێکی وایان نەدا،دواتر وەفدەکە پێشنیاری ئەوەی کرد کەلەتورکیا ژمارەیەک لە قوربانیەکان ببینێت،ئەوەی من ئاگادارم دەوڵەتی تورکیا بواریان نەدا.ئەوەبوو کەکاتێک کاک عەلی ڕەحیمی لێکۆڵینەوەی لەگەڵکرا وەک قوربانی شاری سەردەشت،و دواتر کۆمەڵێک لەقوربانیەکانی شاری سەردەشت هاتبوونە ئێرە بۆ بەشداری لە ڕۆژێکدا کە یو،ئێن،سازی دەدات لە هۆڵەند و هەرلێرەش بەباشمان زانی بیانکەینە شایەد،کە وەزارەتی عەدل ئەم قوربانیانەی بینی بۆی گرنگ بوو کە سەردانی سەردەشت و ناوچەکیمابارانکاراوەکانی ئێران بکات.

ئەگەر چەند قسەیەک لەسەر سەرنجەکانی کاک عەلی بکەم و لەسەرەتاوە دەست پێ بکەم دەکرێت لەو ڕاستیەوە دەست پێبکەم کەکاک عەلی وێرای هەموو ئەو هەڵانەی ڤینۆس خان کردوونی و لەهەندێکیاندا نەک لەسەرداتاکان بەڵکو لەسەر بۆچوونی خۆی و ئەنجام گیریەکانی بنیات ناوە،کاک عەلیش بەهەمان شێوە و هەربەوجۆرەی خۆی لای باش بووەو بە بێ پاڵپشتی هیچ داتایەک و دۆکومێنتیك خۆی ئەنجام گێرەیەکانی خۆی لەبری ڕاستیەکان دادەنێت،لەهەمووش سەیرتر ئەوەیە کە زانیاری ئەنجام گیریەکانی کاک عەلی زۆربەیان 180 پلە فەرقدەکەن لەماوەیەک بۆ ماوەیەکی تر،لەسەرەتاوە هەرزانیاریەکی دەستبکەوتایە دەیکرد بەبانگەوازو بابەت و شتێکی لەسەردەنووسی زۆربەی ئەوزانیاریانەشی لەمنەوە دەبیست و وەک کاری خۆم هەموو شتەکان چۆن بوون و کۆبونەوەکان چۆن دەگوزەران ئاوام بۆ باس دەکرد،من تەنها کوردبووم لەکۆمیتەی بەدادگاگەیاندنی فرانس ڤان ئانراتدا و ئەگید هەڵبەست لە کە کوردێکی باکوربوودوای 3 جار بەهۆی سەرقاڵی خۆیەوە هیچکە بەشدارنەبوو،کاک عەلیش 2 جار هاتۆتە لای محامی جاری یەکەمیان بۆ ئەوەی ببێتە شایەدی گۆپتەپەو وەک سەرجەم شایەدەکانی تر دۆسیەمان بۆدروستکرد و ئامادەکرابۆ لێکۆڵینەوە،سەرجەم ئەوانە کارەکانی خۆیان کرد بەلام کەوەزارەت تێلیان بۆکرد بۆ تۆمارکردن و ئامادەکردنی شایەدیەکەی کاک عەلی وەلامی نەدانەوەو خۆی لەوشایەدیە دزیەوە و و وەلامی بە وەزارەت نەدایەوە و تەلەفۆنەکانی ئەویش وەک هی کاک سەعدی و بەرپرسانی تری کورد بێ ئامانج بوون و بەوەش بەداخەوە گۆپتەپە بێ شایەدو تەنها بەناو هەبوو لەدۆسیەکەدا و زەرەرێکی گرنگ بەم دۆزەگەیشت و سەرجەم شایەدەکان و پارێزەرو پۆلیسی لێکۆڵینەوە ئەمەدەزانن و دۆسیەکە لای منەوئەمانەی تێدایە،کاک عەلی 2 جاریش لەسەرجەمی 6 جار هاتووە بۆلای پارێزەری گشتی و هەردووجارەکەش من بردوومە کەبۆگفتوگۆبوو لەسەر دۆکومێنتەکان و کاسێتی ڤیدیۆکەی دادگای عێراق و دواجار خۆی بێزاربوو و داوای کرد کەئامەدەنەبێت و هەردوو جارەکەش من ئەگەر شتێکی وتبێت بۆم کردۆتە هۆڵەندی.

کاک عەلی لەبەشێک لەقسەکانیدا ئاوا دەنووسێت:

> تــاكو ئێســتا زۆر لەســەر دادگــايیكردنی فــرانس ڤــان ئــانرات نووســرا , بەشــێكی زۆری زانیــاری ڕاســت و بەشــێكی دی ئەگــەر بــە هۆڵەنــدی بنووســرانایە , ئــەوا خاوەنــدەكانیان تووشــی لێپرســینەوەی یاســایی دەبــوون , تەنانــەت خاوەندارییــەتی وا لــەو دادگاییــە كــراوە , داواكــاری گشــتی دادگاكــە بــەڕێز فرەیــد تــەیفن كــە فــەزڵی گــەورەی ســەركەوتنەكە بــۆ ئــەو دەگەڕێتــەوە , جورئــەتی ئــەوە ناكــات ئــەو نازناوانــە لــە خــۆی بنێــت و ئــەو پاشــناوانە هــەڵبگرێت , دوور لــە ئاگــاداری هۆڵەندیــەكان و بــێ ئاگــاداربوونی ئــەوان بــە زمــانی كــوردی زۆر شــت وتــرا و نووســرا , مخــابن زیــادەڕۆیی هــەمووكات لــە كۆتایــدا زیانلێكــەوتووی یەكــەم هــەر خاوەندەكــەی دەبێــت ,چــونكە تیمــەكانی توێژینــەوە لــە داهــاتوودا كــاری خۆیــان ئەنجامــدەدەن و پەیامــە ڕاســتییەكەی خۆیــان هــەر دەگەیەننــە گــەل , مخــابن ڕۆژنامەگــەری كــوردی لــە هۆڵەنــدا دەبوایــا وردبــین بونایــا لــەم بــوارە و بیلایەنانە كاری جدیيان بكردبایا لە گەیاندنی زانیارییەكان لەسەر خودی ئەو كەیسە گەورەیە بە خوێنەری كورد .

من لـە 100% لـەگـەڵ ئـەم قسـەیـەی كـاک عـەلیدام،بـەڵام مـن داوادەكـەم كـەخۆی بـەوردی بـەقسـەو ڕاپۆرت و نووسینـەكانیدا بچێتـەوە ڕاسـتی ئـەمـەی بـۆ دەردەكـەوێت و دەزانێـت كەچەنـد جیـاوازی لەقسـەكان و ئـاڵ و گـۆڕ كـردن بـەڕاسـتیـەكان هـەیە،لـەمـەدا بـەشی شێر بـەركاک عـەلی دەكـەوێت،تۆخۆت باسی ئـەوەتكردووە كەچاک ئـانراتی دادگـایی دەكـات و هـەرخۆشت لـەكوردستـان دەیلـی نیوزدەنووسیت ،فـرانس ڤـان ئـانرات هـاوڵاتیـەكی هۆڵـەنـدی بـوو و حكومـەتی هۆڵـەنـدا دادگـایی كـردو تـەواو،هـەر كـەسێک تێـدەگات جیـاوازی ئـەم دووانـە چـەنـدەو هـەردوبۆچوونـە دژ بـەیـەكـەكـەش هـەڵـەن ! ،لـەهـەمـوو بـاس و قسـەكانتدا نـاوی كۆمیتـەی بـەدادگاگـەیـانـدنی فرانس ڤان ئانراتـت دەرهێناوە،هـەر خۆشـت زۆرجـار لـەسـەر ئـەم شتانـە لـەگـەڵ زۆرلایـەنـدا لـەسـەر ئـەوەی كـە بـاسـی ئـەم كۆمیتـەیـەو كارەكـانـی نـاكرێـت كێشـەت دروسـتدەكرد و ئـەمـانـەش بـەدۆكـومێنـت هـەن،وێڕای ئـەوەی ئـەم كۆمیتـەیـە كارەكانـی بۆ گرنگ بووە،نـەک نـاوو شاباش و،،،هتد (هـەموو دۆزەكـە ئـەمانـە كردیان كـە چـاک ئـەندام بوو تێیدا و لـەناو واندا پارتـی سۆسیالیست كـەتۆ نـەدەتناسین و نـەسـەروكارت هـەبوو لـەگـەڵیـانـدا مـارتن و زێخفێلـد و ئـەگید كـە تۆ كـەسیانـت نـەدەنـاسین و دایاره كـێ ئـەم كارانـەی دەكرد، خۆشت كـەمت لـەم بارەیـەوە بـاس نـەكرووە و تـائێستاش بانگـەوازەكـەی پـەرلـەمـانـی كوردستـان هـەیـە كـە بـۆ ئـەم دۆستـانـە هـاتووە و ئـەوان لایـان گرنگبـوو كارەكـان بـەئـامـانج بگـات، لـەڕابردووشـدا دڵنیـابـە هـیـچ كـەسـی ئـەم كۆمیتـەیـە حـەزبـەباسكردنیـان نـاكـات ،بـەڵام گێرانـەوەی ڕاستیـەكان سـەروەرییـە و دەستپاكیـە،زۆرر كـەس دەوریـان بوو لـەخۆپیشاندانـەكانـدا كـە هـاتوون یـەک لـەوانـە كـاک عـەلی ڕاحیمـی و یـەكێكیتریان خۆت بوویت لـەگـەڵ زۆركـەسیترداو هـەولی خۆیانـدا و دەورەكـەت ڕێزیان لـێدەگیرێت،بـەڵام نـەک ئـەوەی كـە خۆت بۆخـۆتی دەنووسی! بـەڵكو ئـەوەی كـە لـەدەستت هـاتووە!)

كـاک عـەلی لـەبـەشێكی تری نووسینـەكـەیدا ئـاوا وەڵامی ڤینۆس خان دەداتـەوە:

> لــە پرۆســەی دادگــایی فــرانس ڤــان ئــانرات دەركــەوت , لــە لایــەن دادگــای هۆڵەندییــەوە , پــێش ســاڵی 1985 زانیــاری پێویســت لــە بەردەســتا نــەبوو لەســەر ســەركووتكردنی كــورد بــە هــۆی نــەبوونی سەرچــاوەوە , دیــارە ئێمــە ســیدییەكی تــاوانی ڤڕكردنــی بارزانیــەكانمان دابــوو بــە دادگــا , وەلــێ بــۆ ســەلماندنی ئــەو تاوانــە گەورەیــە ئــەوە بــەس نییــە , پێویســت بــوو لــە دۆســییەكی

لـەدادگاداولـە كتێبـەكـەی ئـارنۆلدو فرانک سلاییپـەردا** ئـەوە بـە ئـاشكرا بـاس كراوە كـە قـەدەغـەكردنـی 21 مـاددە و فرشتنیان بـە عێـرا ق و ئێـران لـەسـەربـنـەڕەتـی ئـەوەبووە كـەئـەوان ئـاگـاداربوون لـەشـەڕەكانیانـدا چـەكـی كیمیـاوی بـەكـاردێت و ئـەمـە پێش كیمایابـارانـی شـارو دێهاتـەكـانـی هـەردوولابووە و قـەدەغـەكردنـەكـە پـەیوەنـدی بـەشـەڕی عێـراق و ئێرانـەوە بوونـە نـەک كیمیابارانـی كوردستـان وئـەنفال ئـەوەی كـە كـاک عـەلـی لـەنووسینـەكـەیدا بـەجینۆسایدی نـاودەبـات ،ئـەمـە هـەرخۆشـی ئـەمـە هـەڵـەیـەكـی گـەورەیـەو بچووک كردنـەوەی تـاوانـی جینۆسایدە لـەچوارچێوەی ئـەنفالدا بـەتـەنهـا،سـەیر ئـەوەبوو لـەم داگایـەی ڤـان ئـانراتدا زۆر بـەفراوانـی بـاسی ئـەوەكرا كـە ئـەعریب و تـەهجیر و تـەرحیل و گـۆڕینـی دیمۆگرافیـای كوردستـان و لـەنـاو ئـەوانـەشـدا وەک نموونـە وێرانكردنـی نـاوچـەو سومبولـەكان كـرا وەک قـەڵای كـەركووک لـەپاڵ هـەڵـەبجـەو ئـەنفالـدا پایـەكانـی جینۆسیاد پێكدێنن،كـەچی تـازە كـەسانێک بێن و بـاسـەكـە لـەوەدا قـەتیس بكـەنـەوە كـە بـەتـەنهـا ئـەنفال جینۆسایدە!

چـەند لایـەنـی گرنگـی تر هـەن كـە ئـاگاهـانـە یان نـائـاگاهـانـە لـەم بـاسـەدا خۆیان لێنـەدراوە و ئێمـە زۆردۆكـومێنتـی گرنگمـان داوە

بەدادگا و زۆربەشیان هەر کۆمیتەکە ئامادەی کردوون و سەدان کاتژمێر کاریان لەسەرکراوە،یەکەمین لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم دۆزە و ئامادەکردنی بەهۆڵندی و باوەڕپێهێنانی دادوەری گشتی کە ئەم دۆزە دەستپێبکات و بە ماتریالێکی گرنگی زانی ئەو لێکۆڵینەوە 86 لاپەڕەییە بوو کە مارتن تێرلاغە کردبووی،ناوی شەهیدانی هەڵەبجە بەداتاو زانیاریەوە کەلەهەڵبجەوەو بەیارمەتی مۆنومێنتی هەڵەبجە ئامادەکران،،،ئامادەکردن و وەرگێرآنی ناوەرۆکی زیاتر لە 12 ڤیدیۆو سەی دە ی و ئامادەکردنیان بۆ سەیرکردن نەک یەک کاسێتی ڤیدیۆ وەک کاک عەلی باسی دەکات،ئامادەکردنی چەندین شایەدو دۆسیەکانیان بۆ دادگا،وەرگێڕان و ئامادەکردنی زیاتر لە 3000 لاپەڕە لەدۆکومێنت و زانیاری کەبەشێکیان لەکوردستانەوە لەزەرفی خۆڵدا هاتبوون و هیچ وەک بەڵگەنامەیەکی گرنگ نەپارێزرابوون و دۆکومێنت کردنیان بەشێوەی شیاو،پەیوەندی و کاری هاوبەش لە کۆمیتەکەدا،بەڕێوەبردنی چەندین خۆپیشاندان و هەموو ئەوزانیاریانەی وەرگێڕدرانە سەرزمانی هۆڵەندی،پشتیوانی چەندین ڕێکخراوی هۆڵەندی کەسایەتی و لایەنی سیاسی و پەرلەمانی و پارتی سۆسیالیست و بەشی گرنگی ئەو پرسیارانەی کە هاری ڤان بۆمڵ لەپەرلەماندا کردی بەبابەتی رۆژ، نەک بەتەنها کرسیتا ڤان ڤێڵزن کەدواتر جێگەی هاری گرتەوەو هەردوو بەڕێزان ڤینۆس و عەلی کەبەهەڵە یان بە نائاگایی و بەتەنها ئاماژەیان پێداوە،لەم بارەیەوە دەکرێت زۆر زیاتر باسبکرێت و زۆر شت بخرێنە ڕوو من لە ئێستادا کە ئەم کۆمیتەیە کاری زۆرگەورەتری لەبەردەمدایەو باسکردنی زیاتر بەگرنگ نازانم وهەرکەس دەیەوێت زانیاری زیاتری دەستبکەوێت دەکرێت سەرنجی ماڵپەڕی چاک بدات و لەسەرئەم لینکانە کلیک بکات..

سەرچاوەو زانیاری زیاتر:

00-رۆژنامە ژمارە 39 لاپەڕە 12

1- http://www.nawandihalabja.com/ku/index.php?option=com_content&task=view&id=20&Itemid=26

2- http://www.nawandihalabja.com/ku/index.php?option=com_content&task=view&id=26&Itemid=26

3- http://www.nawandihalabja.com/ku/index.php?option=com_content&task=view&id=570&Itemid=26

4- http://www.nawandihalabja.com/nl/index.php?option=com_content&task=view&id=39&Itemid=25

5- http://www.nawandihalabja.com/nl/index.php?option=com_content&task=view&id=11&Itemid=25

*-Cees Wolterbeek

**-Nederland en Chemische wapens van Irak –Fran slijpers en Mark Akkerman